شیعر



هێمن عەلی

# نمایشەکانی مانگ



چ قەدەرێکە ئەدوێ...؟
لە هەقا چی بڵێم.
زەماوەندەکانی بەشەرییەت.
بۆ لەحزەیەک بەختەوەرم.. ناکەن.. نا.
بۆیە هەموو بەیانییەک.
دوێنێم ئەدەمە دەم.. با..
بۆیە ئێستا..
بەیانی باش لە درەخت و لە خۆر ئەکەم.
ئێستا.....
سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووی سنەوبەر و
فەلسەفەکانی دەریام..
سەربردەی خۆم بۆ کانییە
زۆر پیرەکان ئەگێڕمەوە..
دوای خۆرئاوا

لەگەڵ تەما سەفەر ئەکەم.

چ قەدەرێکە ئەدوێ؟
لە هەق چی بڵێم
ئێستا نمایشەکانی مانگ.
جوانترین لەزەتم پێ ئەبەخشن.
کێ هەیە وەک من..؟
لە زمانی مانگ تێ بگات...
هەناسەکانی دەریا و
نهێنییەکانی باران شیکاتەوە..
لەم تاریکستانە چ قەدەرێکە ئەدوێ..؟
ئێستا...
دۆلفینم خۆش ئەوێ..
سۆز ئەبەخشم بە دارستان.
ئێستا...
ئەجەلم خۆش ئەوێ...
رقم لە تەکنەلۆجیایە..
ئێستا...
شیعر بۆ کۆترە هەتیوەکان ئەخوێنمەوە...
لە جێی ژماردنی.
میلی کاتژمێرە ژەنگاوییەکان.
ئەچمە ماڵی باخچەکان و
لێوی گەڵاکان ماچ ئەکەم.
ئەچم بۆ ژووانی گوڵ و
لە پیاسەی ئەستێرەکان ورد ئەبمەوە...
من کە جاران.



پارچەیەک بووم لە فرمێسک.
بۆ عاشقە زەلیلەکان..
ئێستا پڕم لە عاتیفەی گەڵاکان و
هۆن.. هۆن. گومان
بە باڵامدا دێتە خوارێ..
لە نێو کۆڵانە تاریکەکانی
تەنیاییدا ئاسودەترم..
چونکە ئەمگێڕنەوە
بۆ زەمەنەکانی منداڵیم.
ئێستا.....
ئاوازە بێ دەنگەکانی هەورم پێ خۆشترە..
لە ئیقاعی پێکەنینی
بێ مانای ئینسان..
لە سەفەرە ناوادەکانی
خۆر ورد ئەبمەوە..
ئێستا.....
لەگەڵ باو بارانا سەما ئەکەم...
گوێ بۆ چیرۆکی ئاو ئەگرم.
ئەو نەورەسانەم خۆش ئەوێ.
کە هەموو جار لە دوای باران.
پەیکەرێک...
لە موحیببەت دائەتاشن...
زەماوەندەکانی بەشەرییەت..
بۆ لەحزەیەک بەختەوەرم. ناکەن.. نا..
بۆیە هەموو بەیانییەک..
دوێنێم ئەدەمە دەم.. با..



ئێستا....

لـی قەراغ دەریاکانم خۆشتر ئەوێ..

لەو کچە فێڵبازانەی...

لە دوورەوە..

ئەندازەیان هەر لە گوڵی ژاڵە ئەچوو..

ئێستا....

گوێ بۆ خەفەتی شەو و.. ژانی خاک ئەگرم.

لێرە بە دوا...

دەست بەسەر ئەو نێرگزانەدا دێنم..

دوای لەدایکبوونی شەو و ڕۆژ.

هەتیوی ژێر پێی ئینسان بوون..

ئێستا....

وەڕینی سەگەکانم پێ خۆشترە.

لە حیکایەتە بێ ماناکانی ئادەم..

لەم تاریکستانە چ قەدەرێکە ئەدوێ.....؟؟؟؟

